# کاوە بازیانی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی جاش و پێشمەرگەکوژ، یان پێشمەرگەی دانەبڕاو؟

**دەرسیم پێشەوا**

لە ڕوونکردنەوەیەکی بنەماڵەی جاشی دێرین کاوە بازیانی لەژێر ناوی (ڕونکردنەوەیەک لە بنەماڵەی کاوە ئەحمەد تۆفیق بازیانی-یەوە بۆ ڕایی گشتی (ڕای گشتیی)، کە ئەمڕۆ (2023.04.21)، لەلایەن (Briar Namiq) ناوێک بڵاوکراوەتەوە، کۆمەڵێک ناڕاستی و بێویژدانی تێدایە، کە زۆر سەختە بۆ کەسێکی سەربەخۆ و بەویژدان ڕێگە بەخۆی بدات و لە فەیسبووکی خۆی بڵاوی بکاتەوە، بەتایبەت ئەو کەسە خۆی بە ڕۆژنامەنووس ناساندووە، مەگەر کەسێکی ویژدان فرۆش، ناڕاستگۆ، چەواشەکار و هاوپیشەی کاوە بازیانی بێت، ئەگینا دوای ئەو وەڵامە دەبێ داوای لێبووردن بکات و ڕوونکردنەوەکە بسڕێتەوە، بە پێچەوانەش دەبێتە هاوشان و هەڤاڵی تاوانەکانی کاوە بازیانی .

لە ڕوونکردنەوەکەدا هاتووە: (کاوە لە ساڵی 1978ەوە لە ڕیزەکانی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ خزمەتکردن و پاراستنی خاکی پیرۆزی کوردستان چەکی پێشمەرگایەتی کردووەتە شان و تا ئێستا و بەبێ دابڕان لە ئەرکە پیرۆزەکەی بەردەوام بووە. بڕوامان بە توانای هێزە ئەمنییەکان هەیە کە تۆمەتبار ڕووبەڕووی یاسا بکەنەوە و سزای ئەو کارە نامەردانەیەی وەربگرێت. خودا هەقی کەس بەسەر کەسەوە ناهێڵێت .(

یەکەم: کاوە ئەحمەد تۆفیق محەمەد ناسراو بە کاوە بازیانی، لە ساڵی (1979) بۆتە پێشمەرگە و دواتر لە ڕۆژی (10.1.1981)دا لەگەڵ هەر یەک لە (ئەنوەر عەبدوڵڵا، جەلال بێکەس، خالید حاجی ساڵح، خالید مەجیدە شەل سەرچاوەیی و لەتیف حاجی ڕەشید) گەڕایەوە ناو ڕژێمی بەعس و کاوە بازیانی کرا فەرماندەی مەفرەزە خاسەی جاش (فەرماندەی مەفرەزە تایبەتی ژمارە (79)ی سەر بە مەنزومەی شیمالی .(

لە کاتی پێشمەرگایەتی کاوە بازیانی-دا، غەریب سەعید تۆفیق عەسکەری (1943-2007.9.5) و عەلی محەمەد قادر (عەلی بچکۆل)، بەهۆی ڕاپۆرتی ڕێکخستنەکانی ناو شار، هەردەم گومانیان لە دڵسۆزی ناوبراو هەبووە و بەهۆی گومانەوە خراوەتەوە ژێر چاودێری پێشمەرگە، ئەویش هەستی

بەوە کردووە و لە سەرەتای یەکەم مانگی ساڵی (1981)دا گەڕاوەتەوە ناو ڕژێم و کراوە بە فەرماندەی مەفرەزە خاسە و تا ڕاپەڕین کوردکوژ، خۆفرۆش و جاشی بەعس بووە. کەواتە کاوە بازیانی بۆ ماوەی ساڵێک تا ساڵ و نیوێک لە ڕیزی پێشمەرگە بووە، جا تەنیا خۆی ئەوە دەزانێت کە ڕەوان کراوە، یان بەڕاستی بۆ کوردایەتی و پێشمەرگایەتی چووەتە ڕیزەکانی یەکێتی! گەر کاوە بازیانی بەڕاستی بۆ خزمەتکردن و پاراستنی خاکی کوردستان چەکی پێشمەرگایەتی کردووەتە شان، ئەی بۆ لەپڕ گەڕایەوە و لوولەی چەکەکەی لەو هاوڕێیانەی دوێنێی کرد کە بۆ پاراستنی خاکی کوردستان چەکیان کردبووە شان و ژمارەیەکی لێ شەهید کردن؟ سەبارەت بەوەی کە کاوە بازیانی پێشمەرگەی دانەبڕاو بووە، ئەوپەڕی بێویژدانی، بێشەرەفی و بێمێشکی ئەو کەسە دەسەلمێنێت، کە ئەو درۆیانەی هۆنیوەتەوەو ئەوەیش کە بڵاوی دەکاتەوە. دیارە کاوە بازیانی و بنەماڵەکەی تەنانەت جاشێتی، فەرماندەی مەفرەزە خاسێتیەکەیی و پێشمەرگە شەهید کردنەکانیشی بە ئەرکی پیرۆز زانیوە؟ بەرلەوەی بڕواتان بە توانای هێزە ئەمنییەکان هەبوایە بۆ دەستگیرکردنی ئەو کەسەی کە کاوە بازیانی بریندار کردووە، دەبوایە باوەڕتان بە بێتوانایی ئەوان هەبوایە لە دەستگیرنەکردنی تۆمەتبارانی ئەنفال، پێشمەرگەکوژ، مرۆڤکوژ و ئەوانەی خیانەتیان لە کورد و کوردستان کرد، هەروەها دوای بریندارکردنی کاوە بازیانی نابوایە تەقە لەو کوڕە شەهیدە بکەن، مادام تا ئەو ڕادەیە باوەڕتان بە توانای هێزە ئەمنییەکان هەیە. سەرەڕای تەقەکردن لە کوڕی ئەو شەهیدە، ئەی بۆ هێزی عەشیرەتبازی کاوە بازیانی پەلاماری ماڵەکەیان دان لەپێناو کۆمەڵکوژکردنی (دایک، برا، خوشک و منداڵەکانی تەقەکەرەکە)، بەڵام ئەوان لەگەڵ بیستنی هەواڵەکە بۆ شوێنێکی نادیار ڕۆیشتبوون، چونکە ئەو هەڵکوتانەیان لە هێزی خێڵبازی کاوە بازیانی ڕەچاو دەکرد.

ئەوانە نامەردن کە وەکو کاوە بازیانی و هاوپیشەکانی پێشمەرگە، هاووڵاتییان شەهید و ئەنفال کرد، نەک کەسێک کە تۆڵەی باوکە شەهیدەکەی لەو کوردکوژ و جاشە دڕندەیەی بەعس بکاتەوە، ئەوانە نامەردن کە فەرماندەی فرقەیەکی سوپای ئێراق بوون و لە ڕۆژی (16)ی ئۆکتۆبەری ساڵی (2017)دا، نەک داکۆکیان لە کەرکوک و کورد نەکرد بەڵکو شانبەشانی سوپای تایفەگەری شیعی ئێراق (میلیشیاکانی حەشدی شەعبی)، سوپای پاسداران، قاسمی سلێمانی، میتی تورکی (بەرەی تورکمانی) و حەسەن پلایس پەلاماری کەرکوک، کوردستان، کورد و پێشمەرگەیان دا .

باسی ئەوە دەکەن کە: (خودا هەقی کەس بەسەر کەسەوە ناهێڵێت)، دەبێ بۆ ئەو دەربڕینەتان بڵێم: (ڕێک وایە، گەر خودا هەبێت، خودا مافی شەهیدەکان بەسەر کاوە بازیانی ناهێڵێت و ئەو هەوڵەش جگە لە ماف وەرگرتنەوە شتێکی دیکە نییە .(

لەو ماوەیەی کە کاوە بازیانی فەرماندەی خاسەی ژمارە (79)ی مەنزومەی شیمالی بووە، ئەو تاوانانەی خوارەوەی ئەنجام داوە:

یەک: کاوە ئەحمەد بازیانی، لە ڕۆژی (12.1.1981)دا پێشمەرگەیەکی هەرێمی (2)ی یەکێتی بەناوی عەباس محەمەد موراد فەرەج (1963/ سلێمانی/ بازیان/ دەرگەزێن) بەدیل دەگرێ و ڕادەستی ڕژێمی دەکات، کە دواتر لە ڕۆژی (1.6.1981)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بە (15) ساڵ زیندانی کردن سزا دەدرێت، پاشان بە لێبووردنی گشتیی لە ڕۆژی (19.7.1982)دا ئازاد دەکرێت. ئەو پێشمەرگەیە لە ژیاندا ماوە و دەتوانن لە لیستی زیندانییە سیاسییەکان بەدواداچوونی بۆ بکەن و دەگەنە ڕاستییەکان

دوو: کاوە بازیانی و هاوڕێکانی، لە ڕۆژی (14.1.1981)دا پێشمەرگەیەکی هەرێمی (2)ی کەرکوک لە گوندی ئەڵلاقولی بە ناوی خەلیل ئیبراهیم ئیسماعیل ئەحمەد ناسراو بە خەلیل قشلاخی (2.2.1961)، شەهید دەکەن .

سێ: کاوە ئەحمەد بازیانی، لە ڕۆژی (4.9.1981)دا دوو پێشمەرگەی یەکێتی بە ناوەکانی کاوە حاجی عەبدوڵڵا حەمەدئەمین سەرچاوەیی ناسراو بە کاوەی مامە عەبە و عزەدین شێخ محەمەد شێخ عەبدوڵڵا لە گوندی کوپەلەی بازیان شەهید کردن .

چوار: کاوە ئەحمەد بازیانی، لە ڕۆژی (1.2.1982)دا لە ماڵێکدا لە گوندی باوەفەتی نزیک ناحیەی تەکیەی کاکەمەندی سەر بە قەزای چەمچەماڵ، دوو ژنبرای خۆی کە پێشمەرگەی یەکێتی بوون بەناوەکانی شەهابەدین ئەحمەد ڕەحیم قادر کەرکوکی فەرماندەی کەرت لە تیپی (21)ی کەرکوک و وەهاب ئەحمەد ڕەحیم قادر کەرکوکی لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکە بەناوی جەستور سدیق محەمەد عەلی شەهید کرد، هەروەها ژنی خاوەن ماڵەکەش (فاتیمە ڕەشید)، کە دایکی شەهیدان شەهابەدین و وەهاب بوو برینداربوو، کە دوای هەفتەیەک ئەویش گیانی سپارد .

پێنج: هێزێکی جاش کە پێکهاتبوو لە کاوە ئەحمەد تۆفیق بازیانی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت، قادر فەرەج عەبدوڵڵا دەلۆ ناسراو بە (قالە فەرەج)ی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (49)، سەید تاهیر سەید حوسێن محەمەد جەباری (سەید تاهیری گەورە)، کە دواتر بووە سەرۆکجاشی فەوجی (42)ی جاشە سووکەکان بە پشتیوانی میلیشیا و کۆپتەری جەنگی، لە ڕۆژی (5.3.1982)دا لە گوندی قازانی نزیک بە ئۆردوگای پیرەمەگروون توانیان ئەنوەر حەسەن (ئەنوەر حەسەن خدر مەحمود ئاری کوتکی کەرکوکی)، فەرماندەی هەرێمی دووی کەرکوک لەگەڵ یازدە پێشمەرگەی دیکە شەهید بکەن بە ناوەکانی: (جومعە حەسەن کەریم سلێمان ناسراو بە سیروان، ڕزگار جەلال خدر محەمەد ناسراو بە هێمن، شوکر عەلی ئەحمەد ناسراو بە محەمەد شوکر بلوکێن-ی، عەبدولخالیق ساڵح ئەحمەد قادر سۆنەگۆلی ناسراو بە مامۆستا ئاسۆ، عەبدولخالیق ساڵح قادر فەتحوڵڵا ناسراو بە چیا، کامەران عومەر حوسێن قاسم نەجاڕ، کەمال قادر فەتاح ئەبوبەکر چەمچەماڵی ناسراو بە گۆران، محەمەد ساڵح سدیق حەسەن ناسراو بە سوارە، نەجمەدین فاتیح شوکر ئیسماعیل کەرکوکی ناسراو بە شێروان، نەسرەدین عەلی کەرەم فەتاح و نوعمان عەبدوڵڵا عوبێد مەعروف ناسراو بە هاوڕێ)، مۆفەق عەبدولڕەحمان مەحمود عەزیز تەقی

به بریناری کەوتە بەردەستی جاشەکان و دوای ماوەیەک سزای زیندانی هەتا هەتایەی بۆ بڕایەوە، بەڵام لە مانگی تەموزی هەمان ساڵدا بەر لێبووردنی گشتی کەوت و ئازادکرا، کە دوای ئازادبوونی گەڕایەوە ناو شۆڕش و دووبارە بووەوە بە پێشمەرگە، کەچی دواتر لە ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی کەرکوک لە ڕێکەوتی (19.3.1991)دا شەهید بوو.(

شەش: کاوە ئەحمەد تۆفیق محەمەد بازیانی و جاشەکانی، لە شەوی (6.1.1985/5)دا لە گوندی کۆپەلە لە سنووری بازیان پێشمەرگەی یەکێتی عزەدین محەمەد عەبدوڵڵا مارف ناسراو بە قارەمان (1953/ کانیبی/ بازیان/ سلێمانی)، شەهید دەکەن .

حەوت: کاوە ئەحمەد بازیانی و جاشەکانی لە ڕۆژی (4.3.1985)دا کوێخا سادق حوسێن خدر یوسف (1939/ کەرکوک/ چیمەن)، لە گوندی چیمەنی سەرجادە شەهید دەکەن چونکە پێشمەرگەکانی کەرتی (5)ی شەهیدانی تیپی (57)ی سەگرمە و پشتیوانی فەرماندەی کەرت لە ساڵی (1984)دا ئاراسی برای کاوە بازیانیان کوشتبوو .

هەشت: کاوە ئەحمەد تۆفیق بازیانی و ژمارەیەک جاش لە ئێوارەی ڕۆژی (18.6.1985)دا کە بۆ بەیانیەکەی جەژنی ڕەمەزان بوو، ئیبراهیم حەبیب قاسم محەمەد کافرۆشی جێگری فەرماندەی کەرت لە کەرتی (2)ی تیپی (23)ی سورداش و پێشمەرگەی (ی. ن. ک)یان لە گوندی سەرچاوەی بازیان شەهید کرد، کە ئاوەڵزاوای کاوە بازیانی خۆی بوو، هەر لەو ئێوارەیەدا پێشمەرگەیەکی دیکەش بە ناوی عەبدولکەریم (کاروان کەرکوکی) توانی بە بریناری خۆی دەرباز بکات، کە ئێستاکە لە وڵاتی نەرویج دەژیت. دوای شەهید کردنی ئیبراهیم حەبیب قاسم، هەر یەک لە (تۆفیق ئەحمەد تۆفیق ئەسمەر کافرۆشی، ڕائید و فەرماندەی سریە لە فەوجی (3)ی یەکێک لە لیواکانی تایبەت بە دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار، حەمەڕەشید ئەحمەد وەلید کافرۆشی ناسراو بە ڕەشەی دەروێش ئەحمەد، خانەنشینی یەکێتی، عومەر عەلی ڕەزا کلاشکەرانی، محەمەد ساڵح ناسراو بە حەمەی شەمە کە بەر لە چەند ساڵێک کوژراوە، فائیق حەمەڕەشید عەزیز کلاشکەرانی خانەنشین بە پلەی نەقیب و ئێساکە لە ڕیزەکانی گۆڕانە، هەروەها ئەحمەد کاکی، لەلایەن مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی و حزبی بەعسەوە خەڵات کران بە کلاشینکۆفێکی موزەلی و کاتژمێرێک کە وێنەی سەدام حوسێنی تیابوو .

نۆ: مەفرەزەیەکی هاوبەشی جاشەکانی کاوە ئەحمەد تۆفیق بازیانی و سەرۆکجاش عومەر ئەسعەد ئاغجەلەری، لە شەوی (12.1.1986/11)دا پەلاماری گوندی لازیانی بازیانیان داو (عەدنان عەبدوڵڵا قادر لازیان)یان شەهید و بورهانی برایان بریندار کرد .

دە: کاوە ئەحمەد تۆفیق بازیانی، لە ساڵی (1986)دا برایەکی قادر شەفیق نوعمان کافرۆشی سەرۆکجاشی فەوجی (63)ی جاشە سووکەکانی بە ناوی (حەمەساڵح شەفیق نوعمان کافرۆشی) کوشت، کە دوکاندارێکی بێتاوان بوو .

یازدە: مەفرەزەیەک لە جاشەکانی کاوە ئەحمەد بازیانی بە فەرماندەی شەماڵ حەمید کە خزمێکی نزیک و جاشی کاوە بازیانی بوو، لە مانگی حوزەیران یان تەموزی ساڵی (1986)دا لەناو شارۆچکەی چەمچەماڵ تووشی پشتیوان حەسەن فەقییانە (ئیسماعیل ئەحمەد حەسەن فەقییانە)ی کۆنە فەرماندەی کەرتی (4)ی جەباری تیپی (57)ی سەگرمە و تازە فەرماندەی مەفرەزە خاسەی جاش دەبێت و تەقە لە پشتیوان حەسەن و جاشەکانی دەکەن کە دوو جاشی پشتیوان بە ناوەکانی شەماڵ و سەباح کەیفەدین کەرکوکی (چیا) کە پورزای پشتیوان بوو دەکوژن و پشتیوان-یش بە برینداری دەبەن بۆ ئیستخبارات و دواتر بۆ نەخۆشخانەی سەربازی و لەوێ بە دەرزی دەیکوژن. شەماڵ حەمیدی خزمی کاوە بازیانیش هەر لەوێ دەکوژرێت. کوژرانی پشتیوان حەسەن فەقێ، لەلایەن جاشەکانی کاوە ئەحمەد بازیانی لەسەر داوای ناوبراو بووە لەپێناوی تۆڵەسەندنەوەی ئاراس ئەحمەد تۆفیقی برای کە پێشتر لە ڕۆژی (14.9.1984)دا لە گوندی چیمەن لەگەڵ مەحمود کوپەلی بەدەستی کەرتەکەی پشتیوان کوژران و جاشێکیش بریندار کرا بەناوی خواڕەحمە کۆڵ .

دوازدە: کاوە ئەحمەد تۆفیق بازیانی، تۆفیق ئەحمەد تۆفیق محەمەد بازیانی و حەمەڕەشید ئەحمەد وەلید کافرۆشی لەگەڵ ژمارەیەک لە جاشەکانیان لە ڕۆژی (9.11.1986)دا خۆشناو ئەسعەد حوسێن مەولود (1968/ شوان/ کەرکوک) پێشمەرگەی کەرتی (4)ی تیپی (23)ی سورداش لە نێوان گوندەکانی کانیبی و گەورەدێ-ی سەر بە ئاغجەلەر کە بەبێ چەک دەبێ بەدیل دەگرن. کاوە ئەحمەد بازیانی و تۆفیق ئەحمەد بازیانی، لە سەرەتادا خۆشناو ئەسعەد حوسێن دەبەن بۆ ماوەی (5) شەو لە ماڵەکەی کاوەدا دەستبەسەری دەکەن و داوای دە هەزار دیناری لێ دەکەن لە بەرانبەر ئازاد کردنیدا. خۆشناو ناونیشانی ماڵی باوکی لە کەرکوک دەدات بە کاوە و تۆفیق، بەڵام ئەوان پەیوەندی بە ماڵی باوکی ناوبراوەوە ناکەن و سەرەتا دەیبەن بۆ ئەمنی تەواوی سلێمانی (ئەمنی حەسیب ساڵح) و لەوێ پێیان دەڵێن بیبەن بۆ ئەمنی عامە و ئەوانیش دەیبەن بۆ ئەمنی عامەی بەغدا و لە ڕێگەی بەغدا تۆفیق بازیانی بە خۆشناو دەڵێ: (دە هەزار دینار نادەی، ئێستاکە لە بەغدا ڕادەستی ئەمنی عامەت دەکەین و بەلای کەمەوە بەرازیلییەکی سوورت بە نێوچەوانەوەیە). کە دەگەنە بەغدا، تۆفیق بازیانی لەوێ خۆشناو ئەسعەد لەگەڵ دەمانچەیەکی شڕی مەکاریۆف ڕادەستی ئەمنی عامە دەکەن، کە گوایە پێشمەرگەیە و بە دەمانچەیەکەوە گرتوویانە. دوای چەندان جار ئازار و ئەشکەنجەی ئەمنی عامە، خۆشناو بە بەردەوامی نکۆڵی لەوە دەکات کە پێشمەرگە بوو بێت یان دەمانچەکە هی ئەو بێت، هەروەها لە هەموو لێکۆڵینەوەیەکدا باسی ئەوە دەکات کە کاوە بازیانی و تۆفیقی برای لە ڕاستیدا لەپێناوی پارە ئەویان گرتووە، وەلێ ئەوان بەهیچ جۆرێ گوێی لێ ناگرن و فڕێی دەدەنەوە زیندان و هیچ لێی ناپێچنەوە. تا لە کۆتایی مانگی مایسی ساڵی (1988) ئەفسەری لێکۆڵینەوەی دەگۆڕێت و ئەفسەری نوێ بانگی دەکات بۆ لێکۆڵینەوە کە ناوی ملازمی یەکەمی ئەمن ملازم شوکر بووە. لە یەکەم لێکۆڵینەوەی ملازم شوکردا، خۆشناو باسی ئەوە دەکات کە ئەوان لەپێناوی پارەدا گرتویانە و سەرەتا داوای دە

هەزار دیناریان لێ کردووە لە بەرانبەر ئازادکردنیدا، بەڵام دوای ئەوەی کە زانیویانە ماڵی باوکی ئەو دەوڵەمەندە نین کە بتوانن ئەو برە پارەیان پێ بدرێت، بۆیە ڕادەستی ئەمنی دەکەن، هەروەها خۆشناو ئەسعەد بە ملازم شوکر دەڵێت: (ماوەی پێنج شەو لە ماڵەکەی کاوە بازیانی لە گۆپاڵە لە ژوورێکدا دەست بەسەر بوویمە، داوای دە هەزار دیناریان لێکردووم، دوای ئەوەی کە زانیان ئەو برە پارەیەم بۆ پەیدا ناکرێت، ئینجا منیان ڕادەستی ئێوە کرد. بۆ سەلماندنی قسەکانیشم وێنەیەکی سەدام حوسێن بە جلوبەرگی سەربازییەوە لەو ژوورەدا هەڵواسراوە، کە تیایدا دەستبەسەر کرابووم. وێنەکەم هێناوەتە خوارەوە و لە پشتی وێنەکەدا بە سووتووی جگەرە ئەمەم نووسیومە: خۆشناو ئەسعەد حوسێن، بەرواری 9.11.1986). ملازمی یەکەمی ئەمن ملازم شوکر، دوو سێ ڕۆژ دوای قسەکانی خۆشناو ئەسعەد حوسێن، لە دەوروبەری ڕۆژانی (28 و 29.5.1988)دا بە یاوەری دوو ئۆتۆمۆبێلی پڕ لە ئەمن خۆشناو لەگەڵ خۆی دەهێنێ و بەرەو گۆپاڵە دێن و دەچنە ماڵەکەی کاوە بازیانی و دەرگای ئەو ژوورەیان پێ دەکاتەوە کە خۆشناوی تێدا دەستبەسەر کراوە. ملازم شوکر، لەبەردەم خۆشناو ئەسعەد، کاوە ئەحمەد بازیانی، تۆفیق ئەحمەد بازیانی و جاشەکانیان وێنەکەی سەدام دادەگرێ و سەیری پشتی وێنەکە دەکات، دەبینی نووسراوە: (خۆشناو ئەسعەد حوسێن، بەرواری 9.11.1986)، بۆیە ڕوودەکاتە تۆفیق و بە عەرەبی پێی دەڵێت: (نغل/ زۆڵ). هەر هەمان ڕۆژ ملازم شوکر گفتی ئازادکردنی خۆشناو ئەسعەد دەدات و دەگەڕێتەوە بەغدا و ئەمنی عامە، بە یەکجاری دەست لە ئەشکەنجەدانی خۆشناو ئەسعەد هەڵدەگرن، دواتر لە ڕۆژی (5.9.1988)دا ڕەوانەی کەرکوکی دەکەن کە ماڵیان لە گەڕەکی ئیمام قاسم بووە بۆ ئەوەی لەوێ ئازادی بکەن. ڕۆژی دواتر لێبووردنی گشتیی بە سەردا دێت و لە ڕێکەوتی (11.9.1988)دا ئازاد دەکرێت. کاتێ کە خۆشناو دەگەڕێتەوە ماڵ هەموویان سەریان سووردەمێنێ و باوەڕ ناکەن کە ئەوە خۆشناوی کوڕ و برایانە، چونکە کاوە ئەحمەد بازیانی و تۆفیق ئەحمەد بازیانی تەرمی پێشمەرگەیەکی شەهید کە چەند ڕۆژێک دوای دەستگیرکردنی خۆشناو شەهیدیان کردبوو، بە شێواوی دەدەنەوە ماڵی باوکی خۆشناو و پێیان ڕادەگەیەنن کە ئەوە تەرمی خۆشناو ئەسعەد حوسێنی کوڕیانە، ئەوانیش پرسە بۆ خۆشناو دادەنێن و دواتریش مردننامەی بۆ دەردێنن، دوای ئازادکردن و گەڕانەوەی خۆشناو، ماڵی باوکی خۆشناو دووبارە هەوڵ دەدەن خۆشناو زیندوو بکەنەوە و دوای ماندووبوونێکی زۆر مردننامەکە پوچەڵ ئەکەنەوە و سەرلەنوێ بڕوانامەی باری شارستانی بۆ دەردەهێنن. خۆشناو ئەسعەد لە ژیاندا ماوەو دەتوانن ڕاستی و دروستی ئەو چیرۆکە تراژیدیایە لە ناوبراو بپرسن .

کاوە ئەحمەد تۆفیق محەمەد بازیانی، لە ساڵی (1987)دا بە تۆمەتی کوشتنی (حەمەساڵح شەفیق نوعمان کافرۆشی) برای قادر شەفیق دەستگیر دەکرێت، وەلێ دوای چەند مانگێک بەبێ دادگاییکردن ئازادکرا .

سیازدە: کاوە ئەحمەد بازیانی، لە ڕێکەوتی (21.10.1993) لە پەنای یەکێتی دا کەسێکی بەناوی جەمیل سەیفوڵڵا ماوەتی کە سەر بە بزووتنەوەی ئیسلامی بوو کوشت.
کاوە ئەحمەد تۆفیق (کاوە بازیانی) بکوژی شەهید ئیبراهیم حەبیب و بەشدار لە شەهید کردنی شەهیدی قارەمان ئەنوەر حەسەن کەرکوکی و یازدە شەهیدەکەی دیکە، دوای ڕاپەڕین چووە ناو ڕیزەکانی یەکێتی و بە پلەی ڕائید خانەنشینە و دواتریش چۆتە ناو ڕیزەکانی بزووتنەوەی گۆڕان.
ئەوەی ویژدانی هەبێت کاوە بازیانی کوردکوژ، مرۆڤکوژ و پێشمەرگەکوژ ناکات بە شۆڕشگێڕ و پێشمەرگەی دانەبڕاو! ئەوەی مرۆڤ دۆست، کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر بێت، نایەت خۆفرۆش، جاش، سیخوڕ و فەرماندەی مەفرەزە خاسەیەکی بەعس و سەدام-مان لێبکات بە دڵسۆز و پارێزەری خاکی کوردستان.
بە نەفرەت بن خۆفرۆش و ڕووڕەشان، بە نەفرەت بن ئەوانەی بەهەر هۆکارێکەوە داکۆکی لە تاوانباران، کوردکوژ، خۆفرۆشان و کرێگرتەکانی بەعس دەکەن.
ئەم نووسینە بەشێکە لە پەرتووکی (ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی شاڵاوی ئەنفال لە باشووری کوردستان)، کە لە ساڵی (2011)دا لە کوردستان چاپ و بڵاوکراوەتەوە، بەڵام هیچ دانەیەکی لە بازاڕ نەماوە .

**دەرسیم پێشەوا**
**هەینی (2023.04.21)**
**دانمارک**


ڕونکردنەوەیـەک
لە بنەماڵەی
کاوە بازیانی-یەوە
کاوە بازیانی خۆفرۆش و مەفرەزە خاسەی سەدام و بەعس



**Briar Namiq**

2 t. ·

ڕونکردنەوەیەک لە بنەماڵەی کاوە ئەحمەد تۆفیق ناوسراو کاوە بازیانی-یەوە بۆ ڕایی گشتی

سەر لە ئێوارەی دوێنێ نزیک بە بانگی ئێوارە لە قەزای بازیان لە لایەن تۆمەتبارێکەوە تەقە لە کاک کاوە کەسایەتی عەشرەتی کافرۆشی کرا، بەڵام خۆش بەختانە دوای گەیاندنی بۆ نەخۆشخانە چارەسەری پێویستی بۆ کرا و لە ئێستادا لە ژێر چاودێری پزیشکدایە

کاک کاوە لە ساڵی 1978 وە لە ڕیزەکانی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ خزمەتکردن و پاراستنی خاکی پیرۆزی کوردستان چەکی پێشمەرگایەتی کردووەتە شان و تا ئێستا و بەبێ دابڕان لە ئەرکە پیرۆزەکەی بەردەوام بووە

بە پێویستی دەزانین لێرەوە بە ڕایی گشتی ڕابگەیەنین کە ئێمە سکاڵای یاساییمان تۆمار کردووە و بڕوامان بە تواناى هێزە ئەمنییەکان هەیە کە تۆمەتبار ڕووبەڕووی یاسا بکەنەوە و سزای ئەو کارە نا مەردانەیەی وەربگرێت

داواکاریشین لەو سایت و پەیجانەی هەواڵی ساختە و بێ بنەمایان بڵاوکردووەتەوە لەسەر ئەم ڕووداوە، هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن و چیتر هەواڵی ناڕاستی گیان لەدەستدانی کاک کاوە بڵاو نەکەنەوە چونکە ناوبراو لە ژیاندا ماوە و پێویستی بە دۆعای خێری هەموو لایەکە نەک بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری ناڕاست، بە مافی خۆشمانی دەزانین کە سکاڵای یاسایی لەسەر هەموو ئەو دەزگا و سایتانە تۆمار بکەین کە هەواڵی ناڕاستییان بڵاوکردووەتەوە

خودا حەقی کەس بەسەر کەسەوە ناهێڵێت و شیفای کاک کاوە بازیانیش بدات